هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

## ٣٤

ساڵی/ ٢٠٠٤ – بەرگی سی و چوار

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٠٤

# پێڕیست:


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٠) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٢/٥ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤١) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٣/٤ ل٢٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٢) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٦/١٧ ل٥٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٣) خولی گواستنەوە – دوو شەممە ٢٠٠٤/٦/١٩ ل٨٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٤) خولی گواستنەوە – یەك شەممە ٢٠٠٤/٧/٤ ل١٥٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٥) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٧/٢٤ ل١٥٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٦) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٨/٧ ل١٨١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٧) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٢ ل٢٠٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٨) خولی گواستنەوە –سێ شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٨ ل٢٤٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٤٩) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/٥ ل٣٠٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٠) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/١٢ ل٣٤٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥١) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/٣ ل٣٧٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٢) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/١٠ ل٤٤٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٣) خولی گواستنەوە – چوارشەممە ٢٠٠٤/١١/١٧ ل٤٧٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٤) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/١١/٢٠ ل٤٩٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە(٥٥)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٩/ ١٢/٢٠٠٤ ل ٥٣٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (٥٦) خولی گواستنەوە – شەممە ١٥/ ١/٢٠٠٥ ل ٥٥٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە(٥٧)خولی گواستنەوە – یەك شەممە ١٦/ ١/٢٠٠٥ ل ٥٨٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە(٥٨)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٧/ ٤/٢٠٠٥ ل ٥٩٠

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیەش پێشکەش بە لیژنەی یاسایی بکەن، ئێستا بفەرموون بۆ خوێندنەوەی خاڵی چوارەمی بەرنامەی کار. خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموارکراوی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، فەرموو.

**بەڕێز سید حسن عبدالکریم بەرزنجی:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان – العراق**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق، بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٤ تشريع القانون الآتي:

**قانون رقم( )لسنه ٢٠٠٤**

**قانون التعديل الثالث لقانون انتخاب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**المرقم(١) لسنة ١٩٩٢المعدل**

**المادة الأولى:**

**تعدل المادة الأولى وتقرأ كالآتي:**

**المادة الأولى: يتكون المجلس الوطني لكوردستان العراق من (١٠٧)أعضاء.**

**المادة الثانية:**

تعدل المادة السادسة وتقرأ كالآتي:

المادة السادسة: تشكل بقانون هيئة عليا مستقلة للإشراف على الانتخابات في اقليم كوردستان العراق وإدارة العمليات الانتخابية تتولى إعداد جداول الناخبين وتحديد المراكز الانتخابية في الاقليم وإصدار التعليمات اللازمة لتسهيل سير الانتخابات وتسمية رؤساء وأعضاء لجان المراكز الانتخابية.

**المادة الثالثة:**

تعدل المادة السابعة وتقرأ كالآتي:

للهيئة العليا المستقلة المشرفة على انتخابات المجلس الوطني لاقليم كوردستان أن تحدد الكيفية والطريقة التي تشرف بها على الانتخابات ضمن الوحدات الإدارية وتشكيل لجان المراكز الانتخابية.

المادة الرابعة :

تلغى المادة التاسعة ويحل محلها مايلي:

يعتبر اقليم كوردستان العراق منطقة انتخابية واحدة وتقسم الى مراكز انتخابية.

المادة الخامسة:

تلغى المادة العاشرة من القانون و يراعى تسلسل بقية المواد.

المادة السادسة:

تعدل المادة الثانية عشرة وتقرأ كالآتي:

المادة الثانية عشرة: يحدد موعد الانتخابات بقرار من رئيس الاقليم قائد الحركة التحررية الكوردية خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ انتهاء مدة المجلس أو صدور قرار منه بحل نفسه ويعلن بوسائل الإعلام على المواطنين قبل الموعد المحدد لها بما لايقل عن شهر.

المادة السابعة:

تعدل المادة الخامسة عشرة وتقرأ كالآتي:

تعد لاقليم كوردستان جداول انتخابية بأسماء الناخبين حسب المراكز الانتخابية مرتبة وفق الحروف الابجدية تتضمن مهنهم وعناوينهم وتاريخ ومكان تولدهم وعند تعذر ذلك فللهيئة العليا تحديد طريقة أخرى مناسبة لتحقيق الغرض المطلوب.

المادة الثامنة:

تعدل المادة السادسة عشرة وتقرأ كالآتي:

المادة السادسة عشرة : تتولى الهيئة العليا توزيع الجداول على المراكز الانتخابية في الاقليم لإعلانها للمواطنين في لوحات تعد لهذا الغرض قبل خمسة عشر يوماً على الأقل من الموعد المحدد لإجراء الاقتراع على أن تكون مختومة بختم الهيئة العليا وتثبيت تاريخ إعلانها مع مراعاة ماورد في المادة الخامسة عشرة.

المادة التاسعة:

تعدل الفقرة (٢)من المادة الثامنة عشرة وتقرأ كالآتي:

يقدم الطلب الى الهيئة العليا مشفوعاً برأي لجنة المركز الانتخابي المختص وتفصل الهيئة العليا فيه خلال مدة لاتتجاوز ثلاثة أيام من تاريخ تقديم الطلب.

المادة العاشرة:

تعدل الفقرة (١)من المادة الثانية والعشرين من القانون وتقرأ كالآتي:

١- لكل حزب يمثل قومية(التركمان، العرب، الكلدان، الآشوريين)تقديم قائمة خاصة بها تتضمن أسماء مرشحيها على نطاق كوردستان العراق على أن تحتوي على (٢٥٪)من النساء ويتم ترتيب أسماء المرشحين بحيث يرد أسم مرشحة ضمن الأسماء الأربعة الأولى في القائمة ويراعى نفس الترتيب الى نهاية القائمة على أن لايقل عدد المرشحين في كل قائمة عن اربعة مرشح.

**المادة الحادية عشرة:**

تعدل المادة الثامنة عشرة و تقرأ كالآتي:

المادة الثامنة عشرة: تقوم الهيئة العليا بطبع بطاقات الانتخاب و اعداد صناديقه.

**المادة الثانية عشرة:**

تعدل المادة الخامسة والثلاثون وتقرأ كالآتي:

المادة الخامسة والثلاثون: تقوم لجان المراكز الانتخابية بتنظيم المحاضر الموقعة من قبلها بنتائج التصويت وترفق بها بطاقة الوثائق الخاصة بالعملية الانتخابية وتودع في ظرف مغلق ومختوم بختمها لإيداعها الى الهيئة العليا.

**المادة الثالثة عشرة:**

تعدل الفقرة(٣)من المادة السادسة والثلاثين وتقرأ كالآتي:

٣-في حالة عدم حصول أي حزب ضمن المجموعة التي تمثل قومية واحدة على (المعدل الانتخابي)يمنح الحزب الذي حصل ضمن المجموعة المذكورة على اكثر الأصوات مقعداً واحداً.

**المادة الرابعة عشرة:**

تعدل المادة الرابعة والعشرون وتقرأ كالآتي:

الدعاية الانتخابية حرة في حدود القانون والنظام العام والآداب على أن تضمن الهيئة العليا للانتخابات مبدأ تكافؤ الفرص بين القوائم المتنافسة.

**المادة الخامسة عشرة:**

تضاف المادة الثانية الى الباب السابع للأحكام المتفرقة:

تحل مفوضية الانتخابات العراقية المستقلة محل الهيئة العليا لانتخابات المجلس الوطني لكوردستان العراق الواردة في هذا القانون للإشراف على أنتخابات الدورة الانتخابية الثانية للمجلس وإدارتها.

**المادة السادسة عشرة:**

لايعمل بأي نص يتعارض مع هذا القانون.

**المادة السابعة عشرة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون.

**المادة الثامنة عشرة:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان بەم شێوەیە بەرنامەی ئەم کۆبوونەوەمان کۆتایی هات، لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەریان ئەیهێڵینەوە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو. لە کاتی کۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، بێگومان ئەو

تتطلب ظروف المرحلة السابقة توليها المهام المذكورة ولغرض ايجاد الية للتنسيق وتبادل المعلومات وتوحيد الجهود الامنية وتحقيق الاهداف المشتركة بين الاجهزة الامنية الفدرالية والاقليمية فلقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئیسراحەتێك دەکەین، پاش چارەگێکی تر کۆدەبینەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

پاش پشوودان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەست دەکەینەوە بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان و، لە خاڵی دووەمەوە دەست پێ دەکەین، با دوو ئەندامی لیژنەی یاسایی بفەرمووێتە سەر مەنەسە، خاڵی دووەم کە دوا خاڵە، خستنە روو وگفتوگۆ کردنە لە سەر پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە یەکی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقە، یەکەم خوێندنەوەی یاساکە ئەنجام دراوە، تکایە دیباجەکە و مادەی یەکەم بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دیباجەکەو مادەی یەکەم دەخوێنمەوە.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

باسم الشعب

**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

استناداً إلى حكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠/١١/٢٠٠٤تشريع القانون الآتي:

**قانون رقم(٤٧)لسنة ٢٠٠٤**

**قانون التعديل الثالث لقانون انتخاب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**المرقم(١) لسنة ١٩٩٢المعدل**

المادة الأولى:

تعدل المادة الأولى وتقرأ كالآتي:

المادة الأولى: يتكون المجلس الوطني لكوردستان العراق من مائة سبعة اعضاء.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە و، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە تایبەتە بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە، بۆیە ئێمە لە لیژنەی یاسایی ئەم پرۆژەیەمان ئامادە کرد و پێشکەشی بەڕێزتانی دەکەین، ئەوەش بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین و، ئەو ئەندامانەی کە لەسەر پرۆژەکە ئیمزایان کردووە ئەم بە بەڕێزانەن: کاکەڕەش نەقشبەندی، شێروان ناصح حیدری، حسن عبدالکریم برزنجی، عبدالکریم ابو بکر(مامۆستا کاکە)، طارق سعید جامباز، کمال شالی، گەلاوێژ عبدالجبار، د.عزالدین مصطفی، ناصح غفور، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرسیارێکمان هەیە، ئایا ئەو (١٠٧) ئەندامە لەسەر چ ئەساسێکە؟، چونکە کاتی خۆی کە یاساکە دانرا حیسابی هەر (٣٠٠٠٠) کەس لە کوردستان یەك نوێنەری هەبێ لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بۆیە ژمارەکە ١٠٠ ئەندام دەرچوو، بۆیە تەقدیری ئێمە ئەو کاتە دانیشتوانی هەرێم سێ ملیۆن بوو، بەڵام ئێستا ئەگەر حیساب کەین لەوانەیە ژمارەکە ١٢٠ ئەندامی زیاتر بوێت، جا ژمارەکە با بەشێوەیەکی وا بێت نەك بڵێین دانیشتوانی غیرە کوردی هەرێم، بەڵکو لەسەر ئەساسی دانیشتوانی هەموو هەرێم بێت، حیسابێکی وا بێت کە ژمارەیەك بێت یەکەم جێگای بێتەوە لێرە و، دووەمیش هەر یەك لەو ئەندامانەی ئەنجومەنی داهاتوو تەمسیلی مەجموعەیەك خەڵك بکەن، ئەویش ٣٠٠٠٠ یان ٣٥٠٠٠ مەفروزە حیسابێکی وا بکرێت، نازانم ئەگەر جەنابی کاك د.کمال تەوزیحێکی هەبێت لەسەر ئەو مەوزوعە.

**بەڕێز د.کمال فوئاد/ جێگری سەرۆك:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر هەمان تێبینیم هەیە، ئێستا ئەبێت شتێکی وا بنوێنین و ئەو ژمارەیە دیاری کەین کە بگونجێت لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی کوردستاندا، جا ئایا هەر نوێنەرێك بۆ ٣٠ هەزار کەس دەبێت؟، یان بۆ ٣٥ هەزار کەس؟ ئەوە ئەتوانین لە پاشان بڕیاری لەسەر بدەین، واتە ئەو مادەی کە دەڵێت ئەنجومەن لە ١٠٧ ئەندام پێك بێت، بنووسین هەر نوێنەرێك بۆ ئەوەندە هەزار کەس بێت، ئەو کاتەی کە ژمارەی دانیشتوانمان بە تەواوی بۆ ئاشکرا بوو ئەو کاتە دەتوانین بڵێین ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان پێك دێت لەوەندە کەس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رووی یاساییەوە ناچار بووین کە ئەو مادەیە هەڵگرین لە یاساکەدا، کە هەر ئەندامێك نوێنەرایەتی ٣٠ هەزار کەس بکات، چونکە نفوسی هەر وڵاتێك و، یاخود میللەتێك لە زیاد بووندایە، کەواتە لەو حاڵەتەدا ئەگەر نیسبەکە سابت ما، کە هەر نوێنەرێك بۆ٣٠هەزار کەس بێت، ئەوە ئەبێت هەر دەورەیەك ئەندامانی پەرلەمان زیاد بکرێن، یانیش پاشی هەر دەورەیەك ژمارەی ئەو کەسانەی کە نوێنەرایەتی دەکرێن زیاد کەین، بۆ نموونە بڵێین هەر ٣٥هەزار کەس یەك نوێنەری هەبێت و، بۆ دەورەی پاشتر بڵێین هەر ٤٠

هەزار و نوێنەرێکی هەبێت، ئەوەش بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالە یاساییە نەبێت و، تەماشای ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بکەن لە هەموو جیهان دەبینین ژمارەیان سابیتە، لەبەر ئەوە ئەو مادەیەمان پێشنیار کرد کە غولاب چ دا کو لەو ئیشکالە خلاس بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرۆکایەتی ئەنجومەن و لیژنەی یاسایی و سەرۆکی فراکسیۆنەکان وایان بە باش زانی کە، ژمارەی ئەندامان لە ناو پەرلەماندا سابت بێت و (١١١) ئەندام ژمارەیەکی گونجاوە، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز کەنەوە، شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکەی من لەسەر ئەو شوێنانەیە کە تەتبیعی تیادا دەکرێت بە پێی مادەی (٥٨) لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، وەکو کەرکووك و خانەقین و سنجار و شوێنەکانی تر، چۆن شوێن ئەدۆزرێتەوە بۆ ئەوانە لێرەدا، جا ئەگەر هەڵبژاردنەکە لەهەرێمی ئێستادا بێت، ئەو مادە وەکو خۆی بمێنێتەوە و مادەیەکی تری بۆ زیاد کرێت کە لە حاڵەتی گەڕانەوەی ئەو شوێنانە بۆ سەر کوردستان ژمارەیەکیش بۆ ئەوان دیاری کەن بە پێی ئەو کەسانەی کە دەنگ دەدەن، بە راستی ئەبێت بە مادەیەکی جیا ئاماژە بکرێت بۆ ئەو شوینانە، بۆ ئەوەی لە بیر نەکرێن و بزانن ئێمە چاوەرێی ئەو تەتبیعە ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێمە ئێستا موناقەشەی ئەم مادەیە دەکەین و پرسیارەکەشمان لەسەر ئەم مادەیە بوو و، ئەو شوێنانەی کە تەتبیعی تیا دەکرێت وەکو کەرکووك و سنجار و خانەقین و مەخمور و جێگاکانی تر، ئەوە بە تەئکید دەگەڕێنەوە بۆ سەر کوردستان و خەباتی گەلی کوردستان بۆ گەڕانەوەی ئەو جێگانەیە و، شوێنێکیش کوردستان بێت مەفروزە یەك پەرلەمان و یەك ئیدارەی هەبێت، چارەسەری ئەوان ئاسانە، ئەوان با بگەڕێنەوە سەر کوردستان، ئەو کاتە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بە پێی نفوسی ئەوان زیاد ئەکرێت، ئەوە عەمەلیەیەکی حیسابی زۆر ئاسانە، نە پێویستی بە ئیشارەتێك ئەکات و نە پێویستی بە یاسا دەکات، تێبینی تر هەیە لەسەر ئەو مادەیە؟ کاك د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا وەکو جەنابتان ئاماژەتان پێ کرد لەوانەیە ژمارەکە زیاد بکات، جا بۆیە من وای بە باش دەبینم:( یتكون المجلس الوطني لكوردستان العراق من اعضاء لا تقل عددهم عن ١٠٧) ئەگەر ل مستقبەلیش زێدە ببن ئەوە مەجال هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی مادەکە بەم سیغەی کە هاتووە بە پێی بۆچوونی من بۆ دوا ڕۆژی ئێمە تەئسیرێکی سلبی دەبێت، لە ئێستاوە ئێمە تەحدیدی بکەین، دوور نییە ببێتە بەلگەیەك بۆ نەیارانی کورد، بۆ ئەوەی کە ئیسنادی لەسەر بکەن لە دوا ڕۆژدا، بۆیە من پێشنیار دەکەم مادەکە وەکو جەنابتان فەرمووتان (يتكون المجلس الوطني الكوردستاني بما لايقل عن ١٠٧ اشخاص في الوقت الحاضر، على ان يكون قابلاً للتغير مستقبلاً وفقاً للظروف و الاحصائيات المستجدات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئاخر وتەبێژ کاك ئەحمەد سالارە، فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەتوانرێت بە ڕاژەیەك دانرێت بڵێین (١١١) ئەندامە و، ئەو ١١١ هەرچەندێك بوو سەرژمێری هەرێمی کوردستان دابەش بکرێت بەسەر ئەو ١١١ ئەندامەدا و، بەشێوەی خۆی ئەمێنێتەوە و ئەتوانێت نوێنەرایەتی هەمووش بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی با بفەرموون جارێکی تر یاساکە بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الأولى:

تعدل المادة الأولى وتقرأ كالآتي:

المادة الأولى: يتكون المجلس الوطني لكوردستان العراق من مائة وأحد عشر عضواً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە مادەی یەکەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە... سوپاستان دەکەین... ئەوانەی پەسندی ناکەن دەست بەرزکەنەوە.. مادەی یەکەم بە گشتی دەنگ پەسند کرا، دێینە سەر مادەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثانية:

تعدل المادة السادسة وتقرأ كالآتي:

تشكل بقانون هيئة عليا مستقلة للإشراف على الانتخابات في اقليم كوردستان العراق وإدارة العمليات الانتخابية تتولى إعداد جداول الناخبين وتحديد المراكز الانتخابية في الاقليم وإصدار التعليمات اللازمة لتسهيل سير الانتخابات وتسمية رؤساء وأعضاء لجان المراكز الانتخابية.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن. مەبەست لە هەموار کردنی ئەم یاسایە ئەوە بوو کە هەیئەتێکی دائمیمان تەشکیل کرد بۆ پاشە ڕۆژ بۆ ئەوەی ئەو هەیئەتە ببێتە دەزگایە دائمی بۆ سەرپەرشتی کردنی سەر

ئینتیخابات، جا چ ئینتیخاباتی پەرلەمان بێت، یا هی مەجالسی بەلەدیات بێت و چ ئنتیخاباتی تر بێت و، ئێمە لەگەڵ ئەو نەسەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە لەسەر ئەم مادەیە با دەستیان بەرز کەنەوە، بەڕێز کاك ئیبراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، ئایا ئەو هەیئەتە موستەقیلە بە یاسای ئێمە دادەمەزرێت، یان ئەو مفەوەزیەی کە ئێستا هەیە کاتییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاك عبدالکریم فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر(مامۆستا کاکە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێت و وشەی (مستقلة)ی لەگەڵدا بدەین شتێکی باشە، (هیئة عليا مستقلة و دائمة)، بۆ ئەوەی هەموو جارێك هەمان هەیئەت ئیش بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکە رەش نەقشبەندی فەموو.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە زەرووری بوو دانرێت، چونکە ئەساسەن لە یاساکە دەڵێت جەبهەی کوردستانی هەیئەیەك دروست دەکات، ئەو هەیئەتە دروست کراوە و دائمیە و، ئەو هەیئەتە بە پێی یاسای موفەوەزییە، موفەوەزییە موشریفە لەسەر ئینتیخابات و لێرەش ئاماژەی پێ دراوە، بۆ ئەو دەورەیە و بۆ دەوراتی قادم موفەوەزییە موشریفە، لەو حاڵەتەی کە دەڵێت دروست دەکرێت بۆ دەوراتی قادم ئیشراف دەکاتە سەر ئینتیخابات و شێوەی ئینتیخاباتەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك ئەحمەد شەریف فەرموو.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو هەیئەتەی کە ئێستا دادەنرێت یاسای بۆ دادەنرێت لە دوا رۆژدا و، هەیئەتێکی مستقل و بێ لایەن دەبێت و سەر بە هیچ حزبێك و حکومی نابێت و، نابێت دائمی بێت، بەڵکو بۆ هەر ئینتیخاباتێك هەیئەتێکی تازە دادەنرێت، بەڕێز کاکەرەش فەرمووی هەیئەتێکی دائمی بێت، هەیئەتی دائمی نابێت بۆ ئینتیخابات، بۆ هەر دەورەیەکی ئینتیخابی هەیئەتێك دادەنرێت و بۆ دەورەی پاشی ئەو هەیئەتێکی تر دادەنرێت، مەرج نییە ئەو ئەشخاسانە بمێننەوە، مەرج ئەوەیە کە هەیئەتەکە مستقل و بێ لایەن بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێمە موناقەشەی ئەوە ناکەین ئێستا، لە مادەکەدا هاتووە کە هەیئەتێکی مستقیل هەبێت بۆ ئیشراف کردنە سەر ئینتیخابات و، لە یاساکەدا هاتووە کە بۆ ئەم ئینتیخاباتەی ئەم جارە ئەو موفەوەزیەی کە ئێستا لە بەغدایە ئەو سەرپەرشتی ئینتیخابات دەکات، لەبەر ئەوە هیچ ئیشکالێکمان نییە و ئەوە لە موستەقبەلدا چارەسەر دەکرێت، بەلاَم هەیئەتی عولیای ئینتیخابات ئەبێت هەیئەتێکی موستقلی دائمی بێت و عەناسرەکانی مەحدوود بێت و، ئەمە لە هەموو دنیادا وایە، ئێمە دەستکاری ئەمە ناکەین ئێستا، بەڵکو لە موستەقبەلدا دەستکاری ئەو مادەیە دەکەین، ئێستا مادەکە بەو شێوەی کە هاتووە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە مادەی دوو پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن، کەواتە مادەی دوو بە گشتی دەنگ پەسند کرا ، مادەی سێیەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة الثالثة:**

تعدل المادة السابعة وتقرأ كالآتي:

للهيئة العليا المستقلة المشرفة على انتخابات المجلس الوطني لاقليم كوردستان أن تحدد الكيفية والطريقة التي تشرف بها على الانتخابات ضمن الوحدات الإدارية وتشكيل لجان المراكز الانتخابية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر مادەی سێیەم؟ دیارە نییە، کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم مادەی سێیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، کەواتە بە گشتی دەنگ مادەی سێیەم پەسند کرا، مادەی چوارەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة الرابعة :**

تلغى المادة التاسعة ويحل محلها مايلي:

يعتبر اقليم كوردستان العراق منطقة انتخابية واحدة وتقسم الى مراكز انتخابية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟ مەلا محمد چەمچەماڵی.

**بەڕێز مەلا محمد چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادەکەی لای ئێمەدا دەڵێت (تلغى المادة التاسعة ويحل محلها مايلي:)، ئەوە نەخوێندرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە مادەکە بە کاملی بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة الرابعة :**

تلغى المادة التاسعة ويحل محلها مايلي:

يعتبر اقليم كوردستان العراق منطقة انتخابية واحدة وتقسم الى مراكز انتخابية.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەرێزانە دەکەم مادەی چوارەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... سوپاس... ئەو بەرێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، کەواتە بە گشتی دەنگ مادەی چوارەم پەسند کرا، مادەی پێنجەم.

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الخامسة:

تلغى المادة العاشرة من القانون.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە، فەرموو.

**بەرێز صباح حسین عثمان(بهمن):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵە سەبارەت بە ئنتیخابات تەکمیلییە بۆ ناوچە تازە ئازاد کراوەکان، کە ئێستا ئیلغا دەکرێت، ئەو رایەی کاك شێخ جعفر باسی کرد مەفروزە ئەو جێگانەی کە بە کوردستان حسێب دەکرێت کەرکووك و گەرمیان و شوێنەکانی تر، نوێنەریان لەم پەرلەمانەدا هەبێت، ئەگەر بە شێوەیەکی رەمزیش بێت، خۆشحاڵم بەوەی کە شەش مەقعەد ئیزافە کرا و بوو بە ١١١ مەقعەد،ئەگەر بە شێوەیەکی رەمزیش بێت ئەو جێگانە بخرێنە سەر کوردستان و، نوێنەریشیان هەبێت لە پەرلەمان و، لە ئێستاوە مەقعەدیان هەبێت لە پەرلەمان کە شتێکی یاساییە و شتێکی نەتەوەیی و نیشتمانیشە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ئەگەر وەڵامی بدەنەوە.

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە کاك بەهمەن ئاماژەی پێ کرد پێشتر باسمان کرد، بەڵام ئەم مادەیە کە باس کرا ئیلغائی مەناتیقی ئینتیخابی دەکات، لەبەر ئەوە کوردستان بووەتە یەك مەنتیقە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مادەی پێنجەم ئەخەینە دەنگدان، تکا لەو بەرێزانە دەکەم مادەی پێنجەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... سوپاس... ئەو بەرێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، کەواتە بە گشتی دەنگ مادەی پێنجەم پەسند کرا، مادەی شەشەم.

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة السادسة:

تعدل المادة الثانية عشرة وتقرأ كالآتي:

يحدد موعد الانتخابات بقرار من رئيس الاقليم خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ انتهاء مدة المجلس أو صدور قرار منه بحل نفسه ويعلن بوسائل الإعلام على المواطنين قبل الموعد المحدد لها بما لايقل عن شهر.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە، فەرموو.

بەڕێز صباح حسين عثمان(بهمن):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەم قانون ئینتیخابیەی کە دەرچووە لەلایەن عێراقەوە تەحدید کراوە و لێرە هیچ ئاماژەی پێ نەدراوە لە مادەی ١٢دا، کە عێراق مەعنیە، کە ئەم ئنتیخاباتە لە یەك کاتدا دەکرێت، سوپاس.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو پرۆسەی کە لێرەدا هاتووە مونسەجیمە لەگەڵ ئەو پرۆسەیەی کە لە مادەی دووەمدا هاتووە و دەڵێت: سەرۆك بۆی هەیە خلال ١٥ رۆژئیعلانی ئینتیخابات بکات لە تاریخی ئینتیهائی مەجلیسەوە، یان سدوری حەلێك، ئەگەر هاتوو حەل بوو و، بەنیسبەت خۆمان ئێمە قانونی خۆمان دەردەکەین و عیلاقەمان بە قانونی ئینتیخاباتی بەغداوە نییە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، مادەی شەشەم ئەخەینە دەنگدان، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم مادەی شەشەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، کەواتە بە گشتی دەنگ مادەی شەشەم پەسند کرا، مادەی حەوتەم.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

المادة السابعة:

تعدل المادة الخامسة عشرة وتقرأ كالآتي:

تعد لاقليم كوردستان جداول انتخابية بأسماء الناخبين حسب المراكز الانتخابية مرتبة وفق الحروف الابجدية تتضمن مهنهم وعناوينهم وتاريخ ومكان تولدهم وعند تعذر ذلك فللهيئة العليا تحديد طريقة أخرى مناسبة لتحقيق الغرض المطلوب.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟، فەرموو.

بەڕێز نعمت عبدالله پیرداود:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

باسی قەومییە نەکراوە لەم فەقەرەیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، لیژنەی یاسایی وەلامی بدەنەوە.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە مادەکانی تر باس کراوە و، ئەم تەعدیلەش بۆیە هاتووە لەبەری ئەوەی ئێمە نیزامی نیسبی بەکار دێنین، نیزامی نیسبیش و، بەگوێرەی ئەم نیزامەش کوردستان بووەتە مەنتیقە ئینتیخابیە

واحيده، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مادەی حەوتەم ئەخەینە دەنگدان، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم مادەی حەوتەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، کەواتە بە گشتی دەنگ مادەی حەوتەم پەسند کرا، مادەی هەشتەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة الثامنة:**

تعدل المادة السادسة عشرة وتقرأ كالآتي:

تتولى الهيئة العليا توزيع الجداول على المراكز الانتخابية في الاقليم لإعلانها للمواطنين في لوحات تعد لهذا الغرض قبل خمسة عشر يوماً على الأقل من الموعد المحدد لإجراء الاقتراع على أن تكون مختومة بختم الهيئة العليا وتثبيت تاريخ إعلانها مع مراعاة ماورد في المادة الخامسة عشرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە لەسەر مادەی هەشتەم دەستیان بەرز کەنەوە، دیارە کەس تێبینی نییە، کەواتە مادەی هەشتەم ئەخەینە دەنگدان، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم مادەی هەشتەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، کەواتە بە گشتی دەنگ مادەی هەشتەم پەسند کرا، مادەی نۆیەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة التاسعة:**

تعدل الفقرة (٢)من المادة الثامنة عشرة وتقرأ كالآتي:

يقدم الطلب الى الهيئة العليا مشفوعاً برأي لجنة المركز الانتخابي المختص وتفصل الهيئة العليا فيه خلال مدة لاتتجاوز ثلاثة أيام من تاريخ تقديم الطلب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشان تەلەبەکە پێشکەش رەئیسی مەنتەقەی ئینتیخابی دەکرا، ئێستا پێشکەشی هەیئەی علیا دەکرێت، هەر ئەوەندەیە فەرقەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تێبینی هەیە لەسەر مادەی نۆیەم؟، نییە، کەواتە مادەی نۆیەم ئەخەینە دەنگدان، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم مادەی نۆیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، کەواتە بە گشتی دەنگ مادەی نۆیەم پەسند کرا، مادەی دە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی مادەکە بخوێنمەوە ، ئەم مادەیە هەندێك ئیلتیباسی تیادا هەبوو، جا ئەگەر پێتان خۆشە ئەوە مادە ئەسلییکە دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی تەعدیلەکە بە ڕێکوپێکی بێت:

**المادة العاشرة:**

تعدل الفقرة (١)من المادة الثانية والعشرين من القانون وتقرأ كالآتي:

لكل حزب أو فئة اوقومية تقديم قائمة خاصة بها تتضمن أسماء مرشحيها على نطاق كوردستان العراق على أن تحتوي على (٢٥٪)من النساء ويتم ترتيب أسماء المرشحين بحيث يرد أسم مرشحة ضمن كل أربعة أسماء ضمن الأسماء الاربعة الأولى في القائمة ويراعى نفس الترتيب الى نهاية القائمة على أن لايقل عدد المرشحين في كل قائمة انتخابية عن أربعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە، کاك احمد فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕێژەیەی کە ئەڵێت ئەوەندە بێت بۆ بەشداری ئافرەتان لەو قائیمانەدا کە لە ٢٥٪ دانراوە لەبەری ئەوەی کە بڵێین ئەوەندە بێت، بڵێین لەوەندە کەمتر نەبێت( على ان لا تقل عن ٢٥٪)، بەڵکو بتوانرێت لەوە زیاتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز صباح حسین عثمان (بهمن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو نەسەی لای ئێمەدا ناوی عەرەب و تورکمان ئاشور و کلدان هاتووە، لە جیاتی ئەو تەعدیلەی کاك شێروان باسی کرد ئەو ناوانە بمێنێت باشترە، کە قەومییاتن لەگەڵ ئێمەدا لە کوردستان دەژین، ئەوەیەك، دووەم ئەو نیسبەتەی کە بۆ ئافرەت دانراوە لە پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراق لەویٚ ٣٣٪ لە ٢٥٪ لەویٚ هیچ ئلتیباس بۆ ئێمە دروست ناکات، چونکە ئێمە تەصدیقی کیاناتمان تەقدیمی بەغدا دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی وەڵامتان تکایە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە مادەی دە من تێبینی خۆمم هەیە، جگە لە رای لیژنەی یاسایی کە رەنگە هەمان تێبینی بێت، ناوبردنی ئەو قەومییاتانە بەلای منەوە پێویست نییە و شتێکی زیادە، چونکە دیارە کە دەڵێت هەر فیئەیەك دەتوانێت قائیمە تەقدیم بکات بە مەرجێك لە چوارکەس کەمتر نەبێت، لە عێراق ١٢ کەسە، بەڵام ئێمە لە کوردستان کردوومانە بە ٤کەس، ئەمە یەکەم، سەبارەت بە نیسبەتی ژنان من پێم وایە ئێمە خۆمان نەبەستینەوە بەو نیسبەتەی بەغدا، چونکە بە راستی ئەوە لە هەیبەتی ژن کەم دەکاتەوە، ئێمە لە ئسلامیشدا دوو ژن بە پیاوێك حیساب کراوە، کەواتە ژنی بە نیو پیاو حیساب کردووە، بەڵام لێرە بە چارەکی پیاو حیساب کراوە، ئەمە شتێکی خراپە، بە رای من ئەم برگەیە لە هەرێمی کوردستاندا نەمێنێ و نیسبەتەکە تەحدید نەکرێت و، ئەگەر ژنی باش و لێهاتوو هەبوو با لە ٧٠ یا ٨٠٪ بن و، ئەگەر پیاوی لێوەشاوەش هەبوو با هەمان رێژە بن، بە رای من ئەم فەقەرەیە موناقەشەی لەسەر بکرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو نەصەی مادە ١٠ بەشێوەیەکی عام هاتووە، بۆیە ئێمە باسی تورکمان و ئاشوری و کلدانمان نەکردووە و، دەڵێین هەر حزبێك، یان فیئەیەك و، یان قەومیەتێك حەقی هەیە قائیمەیەك تەقدیم بکات بەم شروتانە، واتا ئەوە بە شێوەیەکی عام هاتووە، سەبارەت بە مادەی ١٠ ئەو مادیەیەمان تەخصیص کردووە بۆ تورکمان وئاشوری و کلدانەکان، کە نەصی تیادایە و وتوومانە ، ئەگەر هاتو ئەوانە نەیانتوانی موعەدەلی ئینتیخابیش بێنن، دەبێت مەقعەدێکیان بدرێتێ، هێشتا نەهاتووینەتە سەر ئەو نەسە، نەسی مادە ١٠ بەشێوەیەکی عام هاتووە بۆ هەموو خەڵکی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من کەلیمەی قەومی لاچێت، کل حزب او فئە، چونکە قەومیەت لێرە تورکمان و ئاشور و کلدان و ئەوانی ئەو حزبانەی تەمسیلیان دەکەن تەقدیمی بکەن و، ئەگەر هاتو موعەدەلی ئینتیخابیانیش نەهێنا دەبێت کورسیان بدرێتێ، تاوەکو پاشان هیچ ئیشکالێکی تر دروست نەکەن، پاشان دوو سێ کەس کۆکەنەوە و ئیشکال دروست کەن و خۆیان وەکو قەومیەتێك بێنە گۆڕێ، مەعنای وایە ئەبێت موعالەجەی

وەزعی ئەویش بکەین، با لێرە بە موتەفەقی بێت (کل فئه او حزب) و ئەو فیئەیەش لەبەر ئیعتیباری موستەقلین، ئەگەر موستەقلین توانیتن چوار کەس کۆکەنەوە، جا لەبەر ئەوە (لکل حزب او فئه) ئەوی تری زیادە و مادەکە تا ئاخری بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر مادەکە بخوێنرێتەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، چونکە تەعدیلاتی هاتووەتە سەر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا مادەکە پاش تەعدیل کردن و پیاداچوونەوەی بۆتان دەخوێنمەوە.

**المادة العاشرة:**

تعدل الفقرة (١)من المادة الثانية والعشرين من القانون وتقرأ كالآتي:

لكل حزب أو فئة تقديم قائمة خاصة بها تتضمن أسماء مرشحيها على نطاق كوردستان العراق على أن لايقل عن (٢٥٪)من النساء ويتم ترتيب أسماء المرشحين بحيث يرد أسم مرشحة ضمن كل أربعة أسماء ضمن الأسماء الاربعة الأولى في القائمة ويراعى نفس الترتيب الى نهاية القائمة على أن لايقل عدد المرشحين في كل قائمة انتخابية عن أربعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو شت هەیە چاکی کەنەوە(لكل حزب أو فئة في كوردستان تقديم قائمة خاصة بها تتضمن أسماء مرشحيها على نطاق كوردستان العراق على أن تحتوي على نسبة لاتقل عن (٢٥٪)من النساء)، فەرموو.

**بەڕێز نهله محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرەدا شتێکمان زیاد کرد ئەویش نابێت لە ٢٥٪ کەمتر بێت، کەواتە بۆی هەیە ببێتە ٥٠٪، تەکمیلەکەی دژی قسەکەی خۆمانە، لە مابەینی چوار پیاودا یەك ژنمان داناوە، کەواتە دیسانەوە کردمانە ٢٥٪، ئەگەر ٥٠٪ بوو چۆن دایدەنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە حەدی ئەدنایە، ئەبێت ئەوە مسۆگەر بێت ١٠٠٪، جا زیادی دەکات موشکیلە نییە.

**بەڕێز نهله محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ويتم ترتيب أسماء المرشحين بحيث يرد أسم مرشحة ضمن كل أربعة أسماء ضمن الأسماء الاربعة الأولى في القائمة)ئێمە لیرەدا تەسبیتمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(على الاقل)ێکی بۆ زیاد بکەن، فەرموو.

**بەڕێز د.عزالدين مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم پاش لابردنی ناوی ئەو میللەت و نەتەوانە، مادەكە بوو بە شێوەیەكی گشتی كە كوردیش ئەگرێتەوە، چونكە كە وتمان كل (فئه او حزب) كوردیش چووە ناو ئەوانەوە، ئەم ١١١ دانراوە بۆ كێ؟ ئێمە جارانیش لە ١٠٠ كەسەكەدا لە لیستەكاندا بە تایبەتی لیستی پارتی غەیرە كوردیشی تیادا بوو، خاریجی ١٠٠كەسەكە (٥) مەقعەدیش بۆ ئاشوریەكان دانرابوو، ئەوانیش با خۆیان حەلی خۆیان بكەن كە كلدۆئاشورن، یان ئاشورن، یان كلدانن، بەڵام ئەمەیان كوردیش ئەگرێتەوە، ئەبێت شتێك هەبێت كە ئەمە بۆ ئەوانە و بۆ ئێمە نییە، ١١١ بۆ ئێمەیە، سەبارەت بە مەسەلەی ژنان، ٢٥٪ نیسبەی خوارووە، من وادەزانم بۆ ژنان، یاخود ئافرەتان ئێمە ئەوەمان لەسەرە پەلییان بگرین بۆ پێش خستن، هەمان بێت یا نەمان بێت با ٢٥٪ كەمتر نەبێت، ئەگەریش خوای كرد حزبێك هەمووی ژنانی هێنا ئەوە ئێمە ئەڕۆینە دەرەوە، بەڵام ئەو ژمارەیە چاكە كە هەبێت، هەر چۆنێك بێت، هەروەها لە شتی تریش وا بێنە پێشەوە، بۆ قەومیاتەكانی تریش كەوا رەنگە ئازادییان و دیموكراتییان بە خۆیانەوە نەبینییوە و، وابزانم كۆمەڵێك مافیان بدەینێ بۆ ئەوەی بجووڵێن، لێرەدا دەبێت ئەو ئاشكرایە ئاشكرا تر بێت بە گێڕانەوەی ناوەكان ، یان شتێكی وا كە زۆر زەق نەبێت (من غير الاكراد)، سیغەیەكی وا بدۆزنەوە، بەڵام ئەمەی وا وتم كوردیش ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوەی باسی دەكەین ئەم ئینتیخاباتە عامە و هەڵبژاردنەكە بە گشتی ئەكرێت و، هەڵبژاردنی قەومیات و ئەدیان و مەزاهب بە جیا ناكرێت و، لە هەموو عێراقدا بەگشتی ئەكرێت و ئەو مادەیە بۆ هەموو لایەكە، بۆ كوردە، بۆ ئاشوورییە، بۆ توركمانە، بۆ ئەوانەی كە هەن لەم كوردستانە، بەڵام لە مادەیەكی تردا باسی ئەوە ئەكرێت ئەو حزبانە، یا ئەو قائیمانەی كە بە ناوی قەومییەتەكانەوە داخل ئەبن وەكو فلاّن و فلاّن، ئەگەر هاتو نیسبەتێكیان نەهێنا داخلی ئەنجومەن بن، ئەو كاتە یەكێكیان داخل ئەبێت، ئەوە تەعویز كراوە بۆیان، ئەوەی جەنابت باسی دەكەیت لە مادەیەكی تردا باسی كراوە و، ئەوەش بە گشتییە و بە پێی نفوسە، مسۆگەری ئەوە كراوە كە ئەگەر هیچ نەبێت یەك كەس داخل بكات، لیژنەی یاسایی فەرموو بیخوێنەوە تاوەكو بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ئاصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا مادەكە دەخوێنمەوە پاش ئەو تەعدیلات و ئیزافاتانەی كە هاتە سەری:

المادة العاشرة:

تعدل الفقرة (١)من المادة الثانية والعشرين من القانون وتقرأ كالآتي:

لكل حزب أو فئة في كوردستان تقديم قائمة خاصة بها تتضمن أسماء مرشحيها على نطاق كوردستان العراق على أن تحتوي على نسبة لاتقل عن (٢٥٪)من النساء ويتم ترتيب أسماء المرشحين بحيث يرد أسم مرشحة على الاقل ضمن الأسماء الاربعة الأولى في القائمة ويراعى نفس الترتيب الى نهاية القائمة على أن لايقل عدد المرشحين في كل قائمة انتخابية عن أربعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم مادەی دەیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، کەواتە بە گشتی دەنگ مادەی دەیەم پەسند کرا، مادەی یازدەیەم.

**بەڕێز احمد شریف:**

**المادة الحادية عشرة:**

تعدل الفقرتان (٢، ٣)من المادة الثالثة والعشرين وتقرآن كالآتي:

٢-لطالب الترشيح أن يطعن في قرار الهيئة العليا لدى محكمة تمييز اقليم كوردستان خلال يومين من تاريخ تبلغه بالقرار.

٣-تصدر محكمة تمييز اقليم كوردستان قراراً باتاً بشأن الطعن خلال يومين.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر لە مەحکەمەی ئیستیئاف بوو لەبەر ئەوەی مەحکەمەی تەمییزمان نەبوو، تەنها مەحکەمەی ئیستیئنافمان گۆڕیوە بۆ ئیستیعمالی توروقی تەعن و، گۆڕیومانە بە مەحکەمەی تەمییز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، تێبینی نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی مادەی یازدە پەسند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە... سوپاستان دەکەین... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەست بەرز کەنەوە... کەواتە بە گشتی دەنگ مادەکە پەسەند کرا، مادەی دوازدەیەم.

**بەڕێز احمد شریف:**

**المادة الثانية عشرة:**

تعدل المادة الرابعة والعشرون وتقرأ كالآتي:

الدعايـة الانتخابـية حـرة في حدود القانون والنظام العام والآداب على أن تضمن الهيئة العليا للانتخابات مبدأ تكافؤ الفرص بين القوائم المتنافسة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە تێبینییان هەیە دەستیان بەرز كەنەوە، تێبینی نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئـەو بەڕێـزانەی مـادەی دوازدەیـەم پەسـند دەكـەن دەسـتیان بـەرز كەنـەوە... سوپاسـتان دەكـەین... ئـەو بەڕێـزانەی پەسـندی ناكـەن دەسـت بـەرز كەنـەوە... كەواتـە بە گشتی دەنگ مادەكە پەسەند كرا، مادەی سیازدەیەم.

**بەڕێز احمد شریف:**

**المادة الثالثة عشرة:**

تعدل المادة الثامنة والعشرون وتقرأ كالآتي:

المادة الثامنة والعشرون: تقوم الهيئة العليا بطبع بطاقات الانتخابات وإعداد صناديقه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هـیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟ نییە، كەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو بەڕێزانە دەكەین كە مـادەی سیازدەیەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە... سوپاستان دەكەین... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەست بەرز كەنەوە... كەواتە بە گشتی دەنگ مادەكە پەسەند كرا، مادەی چواردەیەم.

**بەڕێز احمد شریف:**

**المادة الرابعة عشرة:**

تعدل المادة الخامسة والثلاثون وتقرأ كالآتي:

المادة الخامسة والثلاثون: تقوم لجان المراكز الانتخابية بتنظيم المحاضر الموقعة من قبلها بنتائج التصويت وترفق بها كافة الوثائق الخاصة بالعملية الانتخابية وتودع في ظرف مغلق ومختوم بختمها لإيداعها الى الهيئة العليا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هـیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟ نییە، كەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو بەڕێزانە دەكەین كە مـادەی چواردەیەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە... سوپاستان دەكەین... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەست بەرز كەنەوە... كەواتە بە گشتی دەنگ مادەكە پەسەند كرا، مادەی پازدەیەم.

**بەڕێز احمد شریف:**

**المادة الخامسة عشرة:**

تعدل الفقرة(٣)من المادة السادسة والثلاثين وتقرأ كالآتي:

٣-في حالـة عـدم حصـول أي حزب ضمن المجموعة التي تمثل قومـية (التركمـان، الكلـدان، الآشوريين) على (المعـدل الانـتخابي)يمـنح الحـزب الذي حصل ضمن المجموعة المذكورة على اكثر الأصوات مقعداً واحداً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە با دەستی بەرز بکاتەوە، بەڕێز د. عزالدين مصطفى رسول فەرمووو.

**بەڕێز د. عزالدين مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لێرە کە ناوەکان هاتووە و لە مادەی پێشوودا نەبووە، وابزانم برادەرانی ئاشووری لێرەدا نین، هەچەند خۆیان لێرە نین بەڵام خوایان لێرەیە، ئەوان بە کۆنگرەیەك خۆیان ناو نا کلدۆئاشور، ئەویش بە ڕێککەوتنی هەموویان، بەڵام ئێمە هێشتا موسرپین کە جیایان بکەینەوە، پێشان ئاشووریەکان پێیان ناخۆش بوو پێیان بوترێت کلدانی، بەڵام ئێستا خۆیان ناوی خۆیان ناوە کلدۆئاشور، جا با بکرێتە کلدۆئاشور و، ئەگەریش جیا بوونەوە ئەوە با ناوەکانیش جیا بکرێنەوە، بەڵام بەم حاڵەتەی کە یەك نوێنەریان هەبێت ، وابزانم ئێمە مافێکی چاکمان دابوونێ، چونکە بە دەنگدان ئەو نیسبەتەی کە ئێمە بۆیانمان دانابوو لە پەرلەمان مافێکی باشمان دابوونێ لێرە، ئەوە بوو لە دەرەوە ناومان دەرکرد کە ئازادی دینی هەیە و ئازادی قەومی هەیە لە کوردستاندا، جارێکی تریش ئەیلێمەوە کە جاری پێشویش من باسم کرد کە ئێمە زەرەر لەوە ناکەین و، زەرەریشمان نەکردووە، چونکە ئاشوورییەکان کە بگەیشتینایەتە ناکۆکییەك ئەبوون بە دوو بەش دوانیان بۆ ئەم لا دەنگیان دەدا و دووانیش بۆ ئەو لا دەنگی دەدا، نەچوونە ناو مەسەلەیەکی ئێمەوە، ژمارەکەیان ئەگەر زیاد بێ خراپ نییە، ژمارەی ئەرمەنی ٥٠٠ تا ١٠٠٠ کەس دەبێت لە کوردستاندا، ئەگەر ئەرمەنییەك لە پەرلەماندا هەبێت شتێکی باشە، ئەوەش بۆ دەرەوەمان باشە، ئەبێت ئەوە لەبەر چاو بگیرێت و ئەو تۆزە مافە کە دراوە کارێکی چاکە و، ناوەکەش وەکو خۆیان چۆنیان لێ کردووە وای لێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاك احمد سالار فەرمووو.

**بەڕێز احمد سالار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە بە پێویست نابینرێ کەوا ئەگەر هاتو بە هەر شێوەیەك بێت کەوا کامەیان زیاترین دەنگی هێناوە کورسییەکی بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاك ئەمین مەولود.

**بەڕێزمحمد امين مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی دەیەمان هەموار کرد (لكل حزب او فئه)، بە رای من لێرەش هەمان شت بکەین باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاك فاتح محمد امین فەرموو.

**بەڕێز کاك فاتح محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە باسی هەڵبژاردن ئەکەین، ئەگەر باسی هەڵبژاردن ئەکەین پێویستە جیای کەینەوە لە تەعین، بە قەناعەتی من ئەگەر مەجموعەیەك، یا حزبێك نەتوانێ ئەو نسبە بەسیتە بێنێ، وجودی پێویست ناکات وبۆچی ئێمە فەرزی کەین، لە کاتێکدا خەڵکی ئەو دەنگ و سیقەتەیان نەداوە پێی، باشە بۆ ئێمە فەرزی کەین لەسەر خەڵکدا، نوێنەری فلان و نوێنەری فلان، با ئەوان لە ناو خۆیاندا ئیتیفاق بکەن و چەند حزبێك لەگەڵ یەکدا رێککەون و بۆ خۆیان دەنگ بێنن، یان مەجموعەیەك بتوانن دەنگ بێنن، ئیتر حەقیان نییە کە تۆ فیئەی یان قەومییەتی، چونکە کە تۆ کردتە ئینتیخابات، ئەو دەنگەی هێنا با حەقی خۆی وەرگرێت و ئەگەریش دەنگی نەهێنا ئەوە میللەت ئەو حەقەی ناداتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر نووسرا (قومیە)ئیتر پێویست ناکات ناوەکان بنووسرێن (تورکمان و عرب و کلدان و ئاشور) و، ئەگەریش بنووسرێت، کلدان خاوەن حەزارەتی بابلن و ئاشوورییەکانیش ئەوە دیارە، کە بنووسرێت کلدۆئاشور، بەلاّم ئەوان دوو قەمییەتی جیاوازن، راستە ئاشوورییەکان حەز دەکەن بڵێن ئەوان نوێنەری هەموو مەسیحییەکانن، بەلاّم کلدانییەکان دەڵێن ئێمە لە هەموویان کۆن ترین و حەزارەتی بابلیش مەعروفە، لەبەر ئەوە دەبێت ناوی کلدان و ئاشور و ئەرمەن لە پێشەوە بێت، با تورکمان و عەرەب لە ئەخیرەوە بێت، چونکە تورکمان هەمووی بەقایای جەندرمەی تورکن لێرە، یان بەقایەی جیبایەی تورکین لێرە و، دەیان وت پارە بێنە و قسە مەکە و پارەکەیان بۆ ئەستەنبول دەنارد، بەلاّم کلدان و ئاشوور عێراقی ئەسلین، ئەگەر ناوی قەومییەت بمێنێ با بە تەسلسل بێت (کلدان، ئاشور، ئەرمەن ) پاشان تورکمان و عەرەب، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فقێ عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە قسەکانم هەندێکی کرا، بەلاّم لێرە ئەو حزبەی ئەکسەریەی دەنگ دێنێ ئەو خەڵکە ئەو حزبە ئەکات بە نوێنەری خۆی، باشە بۆ ئەو خۆی بکات بە خۆبەخش دوو لەو حزب و نەتەوانەی کە

دنگیان نەهێناوە چوار مەقعەدی خۆی بات بەوان و ئەوانیش میللەت هەڵیانی نەبژاردووە و دەنگی پێ نەداون و دەنگیان داوە بەو حزبەی کە دەزانن خزمەتیان ئەکات، بۆ ئەو حزبەی زۆرینەی دەنگ ئەهێنێ خۆی بەخش بکات و، دوو یان چوار مەقعەدی لێ بڕوات بۆ ئەو حزبەی کە دەنگی نەهێناوە، بۆ نموونە ئەگەر تورکمان و ئاشووری دەنگی نەهێنا ئەوە دوو مەقعەد و، ئەگەر حزبێکی تریش بە هەمان شێوە دەنگی نەهێنا ئەوە مەقعەدێکی تری لێ دەڕوات، باشە بۆ ئەو حزبە خۆی بەخش بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خۆی جارێ هەڵبژاردنەکە ئازادە، حزب هەیە دەتوانێ بە ناوی ئاشوورییەوە خۆی تەرشیح بکات و، حزبیش هەیە دەتوانێ بە ناوی کلدانەوە خۆی تەرشیح بکات و، حزبیش هەیە دەتوانێ بە ناوی ئەرمەنەوە خۆی تەرشیح بکات بە شەرتێك ئەرمەن بێت، ئێمە ئەبێت وەکو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان مەجالیان بدەینێ بە هەر ناوێکەوە خۆیان تەرشیح دەکەن، نابێت ئێمە بە کلدان بڵێین ئەبێت تۆ ناوت کلدۆئاشور بێت، یا بە ئاشووری بڵێین نابێت ناوی ئاشووری بەکار بێنی کە ناوێکی مێژووییە لەبەر ئەوەی حزبێك ناوی کلدۆئاشوری بەکار هێناوە، هەرچەندە لەوانەیە بە ناوی کلدۆئاشوری موقتەنەع بن، بەلام من شەخسییەن بەو ناوە موقتەنەع نیم، بەلام سەبارەت بە هەڵبژاردنەوە ئەبێت نەتائجی ئەو ئینتیخاباتە ئاوێنەی واقعی کوردستانی بێت، ئەگەر برا ئاشوورییەکانمان مافی ئەوەیان هەبێت دوو کەسیان لە پەرلەماندا هەبێت با دوو کەسیان هەبێت و، ئەگەر حەقی ئەوەیان هەبێت دە کەسیان لە پەرلەماندا هەبێت ئەوە با دە مەقعەدیان هەبێت، بەس نابێت کەسیان لە پەرلەماندا نەبێت، لەبەر ئەوە حەدی ئەدنا ئەم یاسایە و ئەم تەعدیلە زەمانەتی ئەوەیان بۆ دەکات کە هیچ نەبێت یەکێکیان لەو پەرلەمانەدا هەبێت، هەتاکو دەبینن ناوی ئاشوری و کلدان و ئەرمەنیش دێت، واتە برا مەسیحییەکانمان هیچ نەبێت حەدی ئەدنا سێ کەسیان بەشدار دەبێت و، ئەگەر زیاتر دەنگیان هێنا ئەوە مەقعەدیان زیاتر دەبێت، تەبیعی لەم هەڵبژاردنەدا حیسابی ئەوانەی دەرەوەیش کراوە، لەبەر ئەوە زۆر موتەوەقیعە کە لە پێنج کەس زیاتر بێنن و،خۆشیان جهودێکی زۆریان سەرف کردووە بۆ ئەوانەی کە لە دەرەوەن و ژمارەیان لەوان زیاترن کە لەناوەوەی عێراقن بەشداری دەنگدان بکەن و، ئەو پێنج یان شەش مەقعەدە ببەنەوە و، بەشێوەیەکی تەبیعی بیبەنەوە، نەك بەو شێوەی کە ئێمە بۆیانمان دانابێت، پاشان لەسەر نیتاقی عێراق بە گشتی هەڵبژاردن دەکرێت و، لەسەر ئاستی کوردستانیش ئینتیخاباتێکی گشتی دەکرێت، نەك لەسەر ئەساسی قەومی و مەزهەبی، بەڵکو تۆ چەند مەقعەد لە پەرلەمان ئەبەیتەوە وەکو قائیمەیەك و، ئەم تەعدیلە بەم شێوەیە زەمانەتی هەردوو شتی کردووە، یەکەم ڕێگای پێ داون بە چوار کەسەوە داخلی مونافەسە بن، مەرجیش نییە ئەوان تەمسیلی ئەو قەومییەتە بکەن، پاشان ئەگەر بردیانەوە مانای ئەوەیە تەمسیلی ئەو قەومییەتە ئەکەنەوە، بەلام ئەگەر نەیان بردەوە ئەوە تەمسیلی ئەو قەومییەتە ناکەن،

بۆیە ئێمە ئەوەش ئەگۆڕین و ئەڵێین ئەو قائیمەتانەی کە بە ناوی قەومییاتەوە مونافەسە ئەکەن، یا داخلی ئینتیخابات ئەبن، وەکو وتیشم یاساکە زەمانەتی ئەوە ئەکات کە ئەو پەرلەمانە تەمسیلی هەموو ئەوانە بکات کە لە کوردستاندان و، کە حەدی ئەدنا ئەگەر کەسیان نەیبردەوە بەشێوەیەکی تەبیعی، ئەوی تریان بە شێوەیەکی نیوە تەبیعی تەزمین بکات و، یاسای کوردستانیش بەو شێوەیە لە حەقیقەتدا ، دەستوری هەرێمی کوردستان کە لێرە ئیقرار کراوە، ئەڵێت زەمانەتی تەمسیلی ئەوانە لە موئەسەساتی تەنفیزی و تەشریعی گرنتی بکەین، جا ئەم یاسایە گرنتی ئەو مافە دەکات و لە جێگای خۆیەتی، ئەگەر لیژنەی یاسایی وەڵامی تری هەبێت فەرموو.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی بە تەواوی لەگەڵ بۆچوونەکانی جەنابتین و ئەو شەرحەی جەنابتان کردتان بۆ ئەندامانی پەرلەمان تەعبیر بوو لە رای لیژنەی یاسایی و ئێمە لەگەڵ ئەو تەعدیلەین کە لەسەر مادەکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە بیخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**المادة الخامسة عشرة:**

تعدل الفقرة(٣)من المادة السادسة والثلاثين وتقرأ كالآتي:

٣-في حالة عدم حصول أي حزب ضمن المجموعة التي تتنافس باسم قومية واحدة(التركمان، الآشوريين، الكلدان، الأرمن، العرب) على (المعدل الانتخابي)يمنح الحزب الذي حصل ضمن المجموعة القومية المعنية على اكثر الأصوات مقعداً واحداً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی پازدە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەین کە مادەی پازدەیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە... سوپاستان دەکەین... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەست بەرز کەنەوە... کەواتە بە زۆرینەی دەنگ مادەکە پەسەند کرا، تەنها دوو کەس دژ بوون، مادەی شازدەیەم.

**بەڕێز احمد شریف:**

**المادة السادسة عشرة:**

تعدل الفقرة(٢)من المادة السابعة والثلاثين وتقرأ كالآتي:

٢-تعلن الهيئة العليا أسماء الفائزين بعضوية المجلس الوطني لكوردستان العراق بعد توزيع المقاعد التي فازت بها كل قائمة على مرشحي القائمة المعنية وحسب أولوية تسلسل أسماء المرشحين في القائمة كما

يكـون إمـلاء المقـاعد الشـاغرة للقائمـة الانتخابـية بعد ذلك وفق تسلسل أسماء القائمة ولايجوز للجهة صاحبة القائمة سحب المقعد من أي من مرشحيها لأي سبب كان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟، کاك ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لـێرەدا پابـەند بوونی تێدایەو ، دەستنیشان کردنی تێدایە کە ئەبێت پابەندی ئەو زنجیرەیە بن لە کاتی پاڵاوتـندا و پێشنیاری پـاڵاوتنی ئـەندامانی لیستـەکە لەلایـەن خاوەن لیستەوە بەپێی ئەو زنجیرەیەی کە هـاتووە، بـەڵام لێرە پرسیارێك هەیە، ئەم پابەند بوونە بەو زنجیر بەندییەوە رێ لەوە ناگرێ، کە ئەگەر بـۆ نموونە ناوچەیەك نوێنەرەکانی پتر لەوانەی تر کەمبێتەوە، ئایائەکرێت ناوچەیەکی تر رەچاوی ئەو لایەنـە نەکات کە ئەبێت ئەندامەکان تێکرای ناوچەکان بگرێتەوە، بۆ نموونە ناوچەی هەولێر بگرین، یا ناوچـەی سلیمانی لـە کاتێکدا بڵێین شەش ئەندامی هەبوو، ئەو شەش ئەندامە بە هۆی کارێکەوە، یا بە هـۆی شـتێکەوە ئەندامێتییـان نـەما، لێرە ئەبێت ئەو پابەندییە نەدرێت و ئەو خاوەن لیستە سەر پشك بێت بە پاڵاوتنەوە بۆ پڕ کردنەوەی شوێنە چۆڵەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خـۆی تەسەلسـولەکە ئیبتـیدائەن ئەبێـت دانرێـت و دەبێـت ئـەو حیسـابەش بکرێـت بیزەبـت، کـە تەسەلسولەکە دانـرا ئەبێت لەسەر تەسەلسولەکە بڕۆین جا چ لە کاتی پڕ کردنەوەی مەقاعیدەکان و، یا لە کاتی خلوی مەقاعیدەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هـەموو ئەندامـێك لە ئەندامانی پەرلەمان تەمسیلی هەموو کوردستان دەکەن، لەبەر ئەوە ئەو موشکیلە نییە کـە، ئەگـەر ناوچـەیەك یەکـێکی رۆشت یەکێکی تر هاتە شوێنی، چونکە نە ئەو بە تەنها تەمسیلی سلێمانی دەکات و، نـە ئـەویش بـە تەنها تەمسیلی هەولێر دەکات و، نـە ئـەویش بـە تـەنها تەمسیلی دهۆك دەکات، چونکە هەموو تەمسیلی کوردستان دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قسەكەی كاكەرەش نەقشبەندی زۆر راستە، لەبەر ئەوە مادەكە ئەخەینە دەنگدانەوە، مادەی شازدەیەم ئەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو بەڕێزانە دەكەین كە مادەی شازدەیەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە... سوپاستان دەكەین... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەست بەرز كەنەوە... كەواتە بە زۆرینەی دەنگ مادەكە پەسەند كرا، مادەی حەڤدەیەم.

**بەڕێز احمد شریف:**

**المادة السابعة عشرة:**

تلغى المادة (٤٤).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس تێبینی هەیە لەسەرمادەی حەڤدەیەم؟ نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو بەڕێزانە دەكەین كە مادەی حەڤدەیەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە... سوپاستان دەكەین... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەست بەرز كەنەوە... كەواتە بە زۆرینەی دەنگ مادەكە پەسەند كرا، مادەی هەژدەیەم.

**بەڕێز احمد شریف:**

**المادة الثامنة عشرة:**

تضاف المادة التالية الى الباب السابع للأحكام المتفرقة:

تحل المفوضية للانتخابات العراقية المستقلة محل الهيئة العليا لانتخابات المجلس الوطني لكوردستان العراق الواردة في هذا القانون للإشراف على أنتخابات الدورة الانتخابية الثانية للمجلس وإدارتها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

( تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات العراقية)كەس تێبینی هەیە لەسەرمادەی حەڤدەیەم؟كاك جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وام زانی لە تەبعەكەدا بە هەڵە هاتووە(تضاف المادة الثانیة )(تضاف المادة التالية الى الباب السابع للأحكام المتفرقة:مع مراعات تسلسل المواد) چونكە تەسەلسولی مادەكانیش دەگۆڕێت، ئەم مادەیە ئیزافە ئەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، تكایە چاكی كەن و مادەكە جارێكی تر بخوێننەوە، تاوەكو بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز احمد شریف:**

**المادة الثامنة عشرة:**

تضاف المادة التالية الى الباب السابع للأحكام المتفرقة:

تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات العراقية محل الهيئة العليا لانتخابات المجلس الوطني لكوردستان العراق الواردة في هذا القانون للإشراف على أنتخابات الدورة الانتخابية الثانية للمجلس وإدارتها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەین کە مادەی هەژدەیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە... سوپاستان دەکەین... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەست بەرز کەنەوە... کەواتە بە گشتی دەنگ مادەی هەژدەیەم پەسەند کرا، مادەی نۆزدەیەم.

**بەڕێز احمد شریف:**

**المادة التاسعة عشرة:**

لا يعمل بأي نص يتعارض مع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەین کە مادەی نۆزدەیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە... سوپاستان دەکەین... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەست بەرز کەنەوە... کەواتە بە گشتی دەنگ مادەی نۆزدەیەم پەسەند کرا، مادەی بیستەم.

**بەڕێز احمد شریف:**

**المادة العشرون:**

على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەین کە مادەی بیستەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە... سوپاستان دەکەین... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەست بەرز کەنەوە... کەواتە بە گشتی دەنگ مادەی بیستەم پەسەند کرا، مادەی بیست ویەك.

**بەڕێز احمد شریف:**

**المادة الحادية والعشرون:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەین کە مادەی بیست ویەکەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە... سوپاستان دەکەین... ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەست بەرز کەنەوە... کەواتە بەگشتی دەنگ مادەی بیست ویەکەم پەسەند کرا، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم پرۆژەکە بە گشتی پەسند دەکات دەستیان بەرزکەنەوە... سوپاستان دەکەین... ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەست بەرزکەنەوە... کەواتە بە گشتی دەنگ پرۆژەکە بە گشتی پەسند کرا، سوپاستان دەکەین، فەرموو پرسیارەکەت بکە.

**بەڕێز صباح حسين عثمان (بهمن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو خەڵکەی لە دەرەوەی کوردستانن دەنگ ئەدەن بۆ ئەم مەجلیسە، یان بۆ مەجلیسەکەی بەغدا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی ئەو بڕیارانەی کە دراون دەبێت دەنگ بۆ پەرلەمانی عێراق بدەن بە گشتی و، ئەبێت ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین حەقی ئەوەشیان هەبێت دەنگ بۆ پەرلەمانی کوردستانیش بدەن، بەڕێزان لێرەدا کۆتایی دێنین بە دانیشتنەکەمان و لە دانیشتنی داهاتووشمان ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. کمال فؤاد عبدالكريم** | **د. رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| کوردستانی عێراق | کوردستانی عێراق | کوردستانی عێراق |